# جەمال تاهیر شۆڕەسواری مەیدانی خەبات بوو

سوپاستاندەکەم کە بەوکارە پیرۆزە هەڵساون, بۆ ژیاننامەی شەهیدی سەرکردەو جوامێر. دووبارە زۆر سوپاستاندەکەم وەکو هاوڕێیەکی سەرکردەمتان بەسەرکردەوە.

بەڕاستی شەهیدی سەرکردە مامۆستا جەمال تاهیر شۆڕەسواری مەیدانی خەبات, هەر لەشەستەکانەوە ناسیاوی وتێکەڵ بوونمان هەبووە, لەبواری سیاسی جیاجیاوە. هەمیشە مامۆستا جەمال پیاوێکی لەخۆبردوو قارەمان بوو, بەهیچ شێوەیەك سڵی لە دوژمنەکانی نەدەکرد, ئامۆژگارییەکی بۆ منو هاوڕێیانی ترمان لە ناوڕیزەکانی خەباتدا ئەوەبوو کە هەمیشە دڵ پاكو دەست پاك بین بەرامبەر بە گەلەکەمان.

لەگەڵ مامۆستای سەرکردەو هەمیشە نەمر لەشۆڕشی نوێی گەلەکەماندا پەیوەندیمان هەبووە. لە دواگرتنی هاوڕێی سەرکردە پەیوەندیی لەگەڵ کۆمیتەکاندا بەتاکی هەبوو هەر کۆمیتە بەجیا یەك یەکی ئەناسی هەر لەوسەردەمەدا بەبەندکردنی ئەو بەڕاستی ئێمە سەرمان لێتێکچوو لەڕیزەکانی ڕێکخستندا هەر کۆمیتە بەجیا پەیوەندیمان دەکردەوە بە ناوەندی کۆمەڵەوە. وە لەدوای بەربوونی هاوڕێی سەرکردە, بەبڕیاری ناوەندی کۆمەڵە مامۆستای بەڕێز چووە دەرەوە بۆ کۆنفراس, هەر لەوێدا هەڵبژێررا بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەو لەدەرەوە مایەوە.

بۆ جاری دووەم بەنهێنی گەڕایەوە بۆ ناو شار بۆ ڕێکخستنەوەی چالاکیی ناوشار لەوکاتەدا شەهیدی نەمر لەلای من مایەوە, یەك یەك دەینارد بەدوای هاوڕێیاندا ئیشو کارەکانی ڕێکخستنی ناوشاری ڕێك خستەوە بۆ جاری دووەم.

یادەوەرییەکی منو مامۆستا جەمال کە لەبیرم بێت,لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ڕێکخستنی چالاکیی ناوشار, شەوێك لەماڵی خۆمان دانیشتبووین, زۆر بەقایمی لەدەرگا درا (قوات خاصە)ی ئەو سەردەمە بوون, منو مامۆستا جەمال وتمان بۆ گرتنی ئێمە هاتوون, هیچ بوارێکی تیا نەما. بەڵام کە هاتنە ژوورەوە وانەبوو, ئەوانە ئەیان ویست بچنە سەربانی ئێمە کەمین دابنێن ئەو شەوە هەرچی سەربانە بەرزەکانی ئەو کۆڵانە بوو, هەمووی گیرابوو. منو مامۆستا جەمال چووینە سەرەوە, چاو کولیچەمان بۆ بردن, هەتا سەعات یەكو نیوی شەو مانەوە, دوایی کەمینەکەیان چۆڵکرد.

لەدوای ڕێك خستنەوەی ناوشار مامۆستامان بەڕێ کردەوە.

وە لەکۆبونەوەکانی بالیساندا کە یەکەم خولی کۆبوونەوەکان بوو, سەرکردایەتی ئەنجامی ئەدا لەگەڵ هاوڕێ سەلیم و هاوڕێ نزار چووین بۆ لای مامۆستای نەمر کە ئیشو کاری تەنزیمات ڕێکبخەینو هەندێ کاری پێ ڕاسپاردین کە بیکەین,بۆ ڕۆژی دوایی سەردانی بکەینەوە, دوابڕیاری ئیشەکانی پێ ڕابگەیەنین.

بەڵام کاتێ چووینەوە بۆلای, بۆ بینینەوەی, بەداخەوە بەسەر کارەساتێکی زۆر گرانو کۆستێکی گەورەدا چووین ئەویش چوونە سەر تەرمی مامۆستا بوو.. بەکارەساتێکی دڵتەزێن گیانی بەخاك سپاردبوو. بەڕاستی ئەو کۆستو کارەساتە ئەژنۆی شکاندین. کە ئەو کەڵەمێردە گیانو ژیانی بەخاکی کوردستان بەخشی, سڵاو لەگیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستانو سڵاو لەگیانی پاکی مامۆستای نەمر مامۆستا جەمال تاهیر.

محەمەد عەبدوڵڵا سالح

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com